وتەبێژی حکومەتی عێراق:گرنگترین ئەو دەسیانەی لێگەڕ سەرۆک کۆماری تورکیا باسدەکرێن دەسیەی ئەمنیی پێیوەست بە پەکەکەیە

وتەبێژی حکومەتی عێراق رایگەیاند، ئەم سەردانەی ئێردگان یەکەم سەردانێتی بۆ بەغدا لە دوای ساڵی 2011ەوە، گرنگترین ئەو دەسیانەی لێگەڕ سەرۆک کۆماری تورکیا باسدەکرێن دەسیەی ئەمنیی پێیوەست بە پەکەکەیە کە پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوە و لیژنە ئەمنییەکانی عێراق و تورکیا بەبەردەوامی کاری لەسەر دەکەن.

باسم عەوادی وتەبێژی حکومەتی عێراق بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی راگەیاند، ئەم سەردانەی رەجەب تەیب ئێردگان سەرۆک کۆماری تورکیا، یەکەم سەردانێتی بۆ عێراق لە دوای 13 ساڵ، کێتا جار کە سەردانی بەغدای کردوە لە ساڵی 2011بوە، گرنگی ئەم سەردانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسیانەی توژینەوەی لەسەر دەکرێت و پێشوەختە ئامادەکاری بۆ کراوە.

باسم عەوادی ئاماژەی بۆشکرد، لە ساڵی رابردوە، تیم و لیژنە هاوبەشەکان کاریان بۆ ئامادەکاری سەردانەکەی ئێردگان کردوە کە تێیدا باس لە دەسیەکانی ئاسایش، ئاو، کشتوکاڵی ناوخۆ، ئابووری و ئاوەدانی بازرگانی دەکەن.

ئاوەشی خستەرو، سەردانەکەی ئێردگان خاڵێکی گرنگ دەبێت لە پێیوەندییەکانی عێراق و تورکیا،

هەروەها دەبێتە سەرەتایەک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان نەوانیان، دو رێککەوتننامە لە نێوان سەرک وەزیرانی عێراق و سەرک کەماری تورکیا واژۆ دەکرێن، هەروەها 20 یاداشتنامەی دیکەش لە نێوان دامەزراوە تورکی و عێراقییەکان لە بواری جیاوازدا واژۆ دەکرێن.

وتەبێژی حکومەتی عێراقی باسی لەوەشکرد، یەکێک لەو دەسیانەی لە نێوان ئێردۆگان و سەرک وەزیرانی عێراق گفتوگۆی لەسەر دەکرێت دەسیەی ئەمنی پێیوەست بە پەکەکەیە، بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەکاری پێشوەختە کراوە و لیژنە ئەمنییە هاوبەشەکانی عێراق و تورکیا بۆ بەردەوامی کاری لەسەر دەکەن.